# بۆخچەکانی جەنگ لە بەردەم کرانەوەی ژیاندا

هانا چاپوک



دەنگی با دێ، بۆنی باران
شەقامەکان جمەیان دێت
لە پێڵاو
ئێرە کۆتایی جەنگە
زەڕب لە هەموو شوێنێک دەدەم ژیان
نەبێت
زەمبیلەکەم لە تەماشاکردنی هەمووشتێک پڕدەکەم
تەنیایی نەبێت.
لەتامی  یادەوەریی کتێبەکانی بن هەنگڵم
وانووسراوە....
مناڵیم لەیارییەکانی جەنگدا بەجێما
گەورەبوونم لەکۆتایی جەنگ
من نەوەی جەنگم
قەت نەمویستووە
ژیان لە تەماشاکردنی جگەرەیەکدا بەمردن بچوێنم
جەنگ لە مندا دەستپێکرد
لە مندا سرودەکانی ئەزبەرکرد
لە مندا مردنەکانی ژمارد
لە مندا نیشتیمانی شەهید کرد
جەنگ لە مندا سوکایەتی بەخۆیکرد
جەنگ لە مندا کوژاوە

من نەوەی جەنگم
ماڵەکەم لە شەقامەکان دەڕوانێ
ئەوە ئاگاییە ئارامیم پێدەبەخشێ و
چنگم پڕدەکاتەوە لە ژیان
ناهێڵێ وەڕسیم بەرمەوە سەر نەسەبی خۆکوشتن
من ئەوەتام ئەزیزم
دەستەکانم بگرە و بڕۆ تا گەیشتن بە مۆسیقا
تا گەیشتن بە عیشق
تا ڕووت بوونەوە لە بەردەم برینەکانی نیشتیماندا
تا تەوقەکانی ژووری نووستن.....گۆرانییەک ماوە بوترێ
ڕەنگە یەکێ لە نێوانماندابێ.
تۆ ئێرەت بیر ماوە؟
لەم گۆڕەپانە ڕژانی مەرەکەبی مناڵیم بۆ نزیکی تۆ بەجێهێشت
هێواش هێواش لەنیگەرانیدا بزربووم
هێواش هێواش لە نێو بزربووندا داگیرسان
هێواش هێواش لە بەردەم سەعاتەکانی نیگەرانیدا گەڕان
من نەوەی جەنگم
ڕەنگە سەعاتێکم مابێ بۆ ژیان
سەعاتێک زۆرە
بۆ ئەوەی نیشتیمان بەرمەوە سەر ژەمەکانی هەرزەیی
ڕەنگە مردن مەترێک لێمەوە دووربێت
مەترێک زۆرە
خۆم تیایدا پەرشکەمەوە بوونت
ئەگەر مردن کەوتۆتە گیرفانەکانم
ژیان لە جەستەمدا هەڵمی لێ هەڵدەستێ
دەخوازم خۆت لە جگەرە داوەشێنی و
هیلاکیم لەشەقامەکان کۆکەیتەوە